# پرۆژەی کۆ مەڵەی خوێندکارانی سەر بەخۆ
# بۆ سیستەمێکی مۆدێرنی خوێندن لەخوێندنگاکاندا:-

پێشەکی :

ئەوە ی لای هەموان ئاشکراو هەست پێکراوە ئەوەیە کەمەترسیەکی گەورە لەسەر لاوازبونی پرۆسەی خوێندن هەیە , کە ئەگەر ی ئەوە هەیە بەدرێژە کێشانی ئەم وەزعیەتە لەناوەندەکانی خوێندن فاکتەرێکی بنەڕەتی بین لە پاشەو پاش گەڕانەوەی ئاستی زانست و زانیاری لەلای خوێندکاران بەگشتی , دواجار مەترسی ئەم بەلاّ خەتەر ناکە کاریگەری زور خرا پی دەبێت لەسەر چارەنووسی کۆمەڵگەکەمان بەگشتی , ئەمە سەرە ڕای بوونی دەیان کێشەی لابەلای ئابوری و کۆمەلاّیەتی کە بەرۆکی خوێندکارو مامۆستای گرتوە و هەمووتواناکانیانی لە خشتە داوە هەستی ئێمەی خوێندکاران لەو جێگاو شوێنەوە سەرچاوەی گرتوە کە ئەو پەڕی خۆمان بە بەرپرس بزانین لەئاست چارە سەر کردنی ئەم کێشانە کە خەریکە کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر دەبات , خەم و پەژارەو بەتەنگەوە هاتنی ئێمەی خوێندکاران بۆ ئامادەکردنی ئەم پرۆژەیە وچارەنوسی پرۆسەی خوێندن و ئایندەیەکی باشترە بۆکۆمەڵگەکەمان , هەر بۆ یە بە باشمان زانی لە ڕێگەی ئامادەکردنی ئەم پڕۆژەیەوە دەست پێشخەریەکی جوامێرانە و دڵسۆزانە بکەین بۆ چارە سەر کردنی کێشەکان و گەشە پێدانی بواری پەروەردەو فێرکردن لەهەموو ناوەندەکانی خوێندن .

ئەم پرۆژەیە پێکهاتوە لە خواست و داواکاری و پێداویستی و خزمەت گوزاری یە زۆر زەروریەکان و مافەکانی خوێندکاران و کۆمەڵێك پێشنیاری پێویست , کە جیّ بەجیّ کردنی بۆ خۆی گەورەترین خزمەت بەسیستمی خوێندن دەکات لەهەرێمی کوردستان هەموو ئەم خواست و داواکاری و ماف و پێشنیارانە کەلەم پڕۆژەدا هاتوە مافێکی زۆر سەرەتایی و سروشتی هەموو خوێندکارانە , ئەموپڕۆژەیە خۆ بەخۆ ناساندن و ئاشنا کردنی خوێندکارانە بەماف و بەرژەوەندیەکانیان و بەئاگا هێنانەوەیانە لەوەی کەدەبیّ بزانن کە ماف و بەرژەوەندیەکانیان چیە ,

ئەمە پرۆژەیەکی خوێندکاریە کە ئیتر هیچ پاساوێك بۆ وەزارەتی پەروەردەو بەرێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە ناهێڵێتەوە شانی خۆیان لەژێر بەر پرسیاریەتی بەتالّ بکەنەوە , ئێمە دڵنیاین کە سەروەت و سامانی ئەم کۆ مەڵگەیە بەشی لەمە زیاتریش دەکات کەئێمە پێشنیارمان کردووە .

ئەم پرۆژەیە بیّ گومان بیّ کەموو موڕی نیە, بەلاّم بۆخۆی وەکو دەست پێشخەریەك پرۆژەیەکی گرنگ و بەنرخە بۆ پێش خستن و گەشە پێدانی پرۆسەی خوێندن ئێمە وەکو:

﴿ کۆمەڵەی خوێندکارانی سەربەخۆ لەگەرمیان﴾ بەهەموو توانامانەوە کار بۆ ئەوە دەکەین تەواوی ئەم خواست و داواکاری و مافانەی خوێندکاران جیّ بەجیّ بکرێت وە ئەوەشمان لەدەستوری کاری خۆمان داناوە کەلە پێناو پراکتیزەکردنی ئەم پرۆژەیە پەیوەندی بەوەزارەتی پەروەردەو بەرێوەبەرایەتیەکانی پەروەردەوە بکەین و بەهەموو توانامانەوە و بەهاوکاری سەرجەم خوێندکاران و مامۆستایان و بەرپرسان و پسپۆرانی بواری پەروەردە هەولّ بدەین گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لەسیستمی پەروەردە بەدی بهێنین , ئێمە بۆ خۆیشمان لەوە بە ئاگاین کە جیّ بەجیّ کردنی چەند بەشێکی ئەم پرۆژەیە پێویستی بەکات هەیە , هەر بۆیە لەنزیکەوە بەووردی چاودێری دەکەین و بەدواداچونی بۆدەکەین بەلاّم لەگەلّ ئەمەشدا کۆمەلێ خواست و داواکاری زەرووری و دەست بەجیّ هەیە کە دەبیّ بەزووترین کات وەلاّمیان لیّ بدرێتەوە و جیّ بەجیّ بکرێن , وەلاّم دانەوەی بەشێکی زۆری ئەم پرۆژەیە پەیوەندی بەدەرکردنی کۆمەڵێك بڕیارو و یاسای نوێی خوێندن هەیە کەدەتوانێت کۆمەك بکات بەجیّ خستنی کلتورێکی مەدەنی و پێش کەوتووخواز لە پرۆسەی خوێندن , بەدەستەوە گرتنی ئەم شێوازە فاکتەرێکی هەلو مەرج و زەمینەیەکی وا دەرەخسێنیّ کە گۆڕانکاری ڕیشەیی پێك دیّ بەسەر سیستمی پەروەردەوخوێندن .

## خزمەت گوزاریەکانی نێو ناوەندەکانی خوێندن:

### یەکەم : خزمەت گوزاری وەرزشی لەخوێندنگاکان :

1 ) وانەی وەرزشی بەفەرمی بناسرێت وەکو هەموو وانەکانی تر چاوی لێ بکرێت تەنانەت تاقی کردنەوەی ﴿ تیۆری ﴾و﴿ پراکتیکی ﴾لەسەر بکرێت .

2 ) دابین کردنی مامۆستای ئەکادیمی وەرزشی بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن .

3 ) دابین کردنی جل و بەرگ و پیداویستیەکانی تری وەرزشی بۆ خوێندکارانی وەرزش وان و ساڵانە نویێ بکرێتەوە.

4 ) دروست کردنی هۆڵی یاریکردن لەنێو خوێندنگادا بەسەرجەم پێداویستیەکانی یاریگاوە.

5 ) دابین کردنی یاریگای گەورە لەهەموو شارەکاندا کە سسەر بە پەروە ردە خۆ جێیەکان بێت.

6 ) گرنگی بدرێت بەهەموو ئەو خوێندکارە وەرزش کارانەی کەخاوەن بەهرەی وەرزشین.

7 ) ساڵانە ڤیستیڤاڵی وەرزشی بۆ هەموو بوارەکانی وەرزش رێك بخرێت بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزارەتی پەروەردە.

### دووەم : خزمەت گوزاریە هونەریەکان

1 ) دانانی وانەی هونەری لەلیستی نەخشەی وانەکان وەکو هەموو وانەکانی تر ڕەچاوی بکرێت وە تاقی کردنەوەی ( تیۆری ) و ( پراکتیکی )لەسەر بکرێت .

2 ) دانانی مامۆستای هونەری کەئەکادیمیای هونەری بەدەست هێنابێت .

3 ) کەرەستەی هونەری بۆ ئەو خوێندکارانە فەراهەم بکرێت کە لە پشوی هاویندا ئارەزوی کاری هونەری دەکەن .

4 ) دروست کردنی گروپی هونەری لەخوێندنگاکاندا و هاوکاری کردنیان بەهەموو شێوەیەك بۆ پێش کەش کردنی چالاکیەکانیان.

5 ) ساڵانە ڤیستیڤاڵی هونەری ئامادەبکرێت بۆ هەموو بوارە جیاجیاکانی هونەر .

6 ) دابین کردنی هۆڵی هونەری لەنێو خوێندنگاکاندا بەسەر جەم پێداویستیەکانیەوە ..

7 ) دابین کردنی مامۆستایی ئەکادیمی پرۆفیسۆری هونەری بۆ پە یمانگا هونەریەکان .

8 ) دابین کردنی کەل و پەل و کەرەستە هونەریەکان لە پە یمانگا هونەریەکاندا وەك :
( جل و بەرگی شانۆ ,کاغەزو بۆیە , ئالەتی مۆسیقا ...هتد ).

9 ) دابین کردنی تەختەی شانۆ بۆ پە یمانگا هونەریەکان .

سێیەم :  خزمەت گوزاریە زانستیەکان بۆ وانە زانستیەکان :

1 ) دانانی مامۆستای  شارەزاو لێهاتوو  بۆ سەرجەم مادە زانستیەکان  لەلایەن وەزارەتەکانی خوێندنەوە .

2 ) هۆڵی تایبەت بۆ تاقیگەکانی بواری ﴿ کیمیاو فیزیاو زیندەوەر زانی﴾  دابین بکرێت.

3 ) دابین کردنی سەرجەم کەرەستەکانی تاقیگە.

4 ) دیاری کردنی کاتی زیاتر بۆ وتنەوەی وانەی  پراکتیکی لەتاقیگە .

5 )  دەرفەتی زیاتر بدرێت بەو خوێندکارانەی کە ئارەزوو دەکەن لەتاقیگەدا  بمێننەوە .

6 ) گرنگی زیاتر بدرێت بەو خوێندکارانەی کەلەبواری زانستیەوە توانایەکی زۆریان هەیە .

7 )  بایەخدان بەوانەی کۆمپیوتەرو ئینتەر نێت و دابین کردنی رێژەیەکی زۆر کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت  بۆخوێند کاران کە  پێویستیەکی سەردەمە.

8 ) دابین کرد نمی هۆڵێکی تایبەت بەکۆمپیوتەرو ئینتەرنێت  و  پێدا ویستیەکانی بۆدابین بکرێت.

9 )  دانانی پرۆگرام و  بەرنامەی تایبەت بۆ پێشبرکێی وانە زانستیەکان  لەنێوان خوێندکاراندا  .

10 ) لەکاتی پشوی هاوینەدا  مۆڵەت بدرێت  بەو خوێندکارانەی کە ئارەزوو دەکەن  سود لەتاقیگەکانی  نێو خوێندنگا وەر بگرن .

چوارەم :  خزمەت گوزاری ﴿زەروریەکان﴾ ی نێو خوێندنگا :

پێداویستیەکانی خوێندنی خوێندکاران دابین بکرێت لەوانە وەکو :-﴿ کتێب , تیا نوس , پێنوس ... هتد ﴾.

دابین کردنی  پێداویستیەکانی نێو پۆلەکانی خوێندن و سالآنە نوێکردنەوەیان  وەکو :
﴿ رەحلە , تەختە رەش  ,دەرگا,  پە نجەرە, کارەبایی , ... هتد ﴾ .

دابین کردنی  پێداویستیەکانی نێو خوێندنگا وەکو:﴿ گەرم کەرەوەوساردکەرەوەی مەرکەزی
ســـــاردکەرەوەی ئاو ﴾ .

دروست کردنی کتێبخانەو هۆڵی خوێندن و خوێندنەوە لەنێوخوێندنگاکاندا .

دابین کردنی شوێنی پشو دان وەکو  کافتریاو  و باخچەو پاك ڕاگرتنیان و چاودێری کردنیان
لەلایەن بنکە  تەندروستیەکانەوە .

گرنگیەکی زۆر بدرێت بە پاك و خاوێنی خوێندنگا بەتایبەتی ﴿ W.C﴾.

دروست کردن و نوێ کردنەوە و  گەورەکردنەوەی خوێندنگاو زانکۆو پە یمانگاگان .

دابین کردنی بەشی ﴿ ناوخۆیی ﴾ بۆ زانکۆو پە یمانگاکان.

دروست کردنی خوێندنگا بۆ قۆناغی سەرەتایی ناوەندی ئامادەیی لەناحیەو گوندەکاندا .

**ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکانی خوێندکاران :**

1) لادانی یاسایی سزا دانی جەستەیی و دەرونی خوێندکاران و چاودێر﴿ مشرف ﴾ هەفتانە سەردانی خوێندنگاکان بکەن .

2) خوێندکاران مافی ئەوەیان هەبێت بەشێوەیەکی یاسایی داکۆکی لەمافەکانیان بکەن لەبەرانبەر هەر کێشەو فشارێك کەلە لایەن مامۆستاکانیانەوە ڕوبەڕویان دەبێتەوە .

3) دروست کردنی دەستەی ناو بژیوانی کە هەڵبژێردراوی خوێندکارانن بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نێوان خوێندکاران و مامۆستایان .

4) ئازادی ڕادەر بڕین و ماف دان بەوەی کە خوێندکار ڕەخنە لەمامۆستا بگرێت بەشێویەکی یاسایی, بەر پەرچ نەدرێتەوە .

5) خوێندمار مافی ئەوەی هەبێت بەشداری بکات لەدانانی خشتەی وانەکان و خشتەی تاقی کردنەوەکان.

6) پاراستنی مافی تێکەڵ بونی کوڕان و کچان و وپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان , قەدەغە کردنی هەر جۆرە جیاوازیەك لەنێوان کوڕان و کچان بەهەر ناو پاساوێك بێت.

7) خوێندکار مافی ئەوەی هەبێت داوای جێگۆرکێ بکات لەخوێندنگایەك بۆخوێندنگایەکی تر یان لە خوێندنگەی ئێوارانەوە بۆ ڕۆژ و بە پێچەوانەشەوە.

8) سەرەڕای بونی کۆ مەڵێك یاساو ڕێسا ی فەرمی کە بونیان زۆر پێویستە , بەڵام دەبێت خوێندکار لەهەندێك مافی فەردی کە تایبەتە بەخودی خۆیەوە ئازادبێت .

9) قەدەغە کردنی دەرکردن﴿فەصل ﴾ ی هەتا هەتایی خوێند کاران بۆ ئەوەی خوێندکار بگەڕێتەوە بۆ خوێندن .

10) نابێت بەهۆی سەرپێچی کردنی خوێندکارێك سزا بەسەر چەند خوێندکارێکدا بسە پێنرێت .

11) ئەگەر یاسای جلی خوێندنگە [ ذی موحد ] پەیرەو بکرێت پێویستە بەڕا پرسی خوێندکار بکرێت .

12) مامۆستا ئەگەر هاتو توانایی تێگەیاندنی خوێند کاری نەبو , خوێندکار مافی ئەوەی هەبێت داوای گۆڕینی مامۆستا بکات

13) مانگانە ﴿مافی مرۆڤ ﴾ سەردانی خوێندنگەکان بکات و لەکێشەکانی خوێندکاران بکۆڵێتەوە دەرگایان کراوەبێت بۆ بەدوا چونی کێشەی خوێندکاران .

14) ڕێگە بەبەستنی ﴿کۆڕو سیمینار ﴾ بدرێت لەنێو ناوەندەکانی خوێندن لەلایەن خوێندکاران یان هەر شارەزایەك .

15) ئازادی تەواو بێ قەید و شەرتی ڕێکخراو بونی خوێند کاران و کۆڕو کۆ مەڵەکانیان بەبێ ڕەزا مەندی یاسای پەروەردە .

16) خوێند کاران مافی ئەوەیان هەبێت کە لە پێناو بەدی هێنانی خواست و داواکاریەکانیاندا بەهەموو شێوازێکی مەدەنیانە نارەزایی دەر ببڕن و داکۆکی لەمافەکانیان بکەن.

17) گۆڕان لەمیتۆد ﴿مەنهەج ﴾ەکانی خوێندن بکرێت و مادە کەم سودەکان بگۆڕدرێت بۆ مادەی بەسود بە ئاراستەی وڵاتانی پێشکەوتوو سیستمی پەروەردە بچێت بەرێوە .

18) پێدانی بیمەی خوێندن ﴿ دەرماڵە ﴾ بۆ هەموو خوێند کاران لەهەموقۆناغەکانی خوێندندا پێویستە بڕەکەی لەلایەن لیژنەیەك لەنوێنەرانی

ڕاستە قینەی خوێندکاران دیاری بکرێ, پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزارەتی پەروەردە جێ بەوجێی بکات .

19 ) دابین کردنی خەرجی پێویست و سەر پەرشتی کردنی هەموو ئەوخوێند کارانەی کە ئیمکانیاتی خێزانیان لاوازەو هەژار و دەست کورتن.

20 ) دابین کردنی مافەکانی خوێندکارانی کەم ئەندام و لەبەرچاو گرتنی باری تەندروستیان بەمرۆڤ دۆستانە ترین شێوە .

21 ) دابین کردنی « پاس» بۆ هاتو چۆی خوێند کاران لەلایەن وەزارەتی پەروەردەو خوێندی باڵا .

22 ) چاو دێری پزیشکی و دابین کردنی خزمەت گوزاری پێویست و بە خۆڕایی بۆ هەموو خوێندکاران لە باری تەندروستیانەوە .

23 ) پێویستە لەسەر وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا یارمەتی ئەو خوێند کارانە بدەن کەتوانای داهێنانیان هەیە لەبوارە جیاوازەکاندا و ناردنە دەرەوەیان لەسەر ئەرکی حوکمەت.

## چەند پێشنیارێکی گرنگ و زۆر پێویست کە پەیوەندی بەخوێندکاران و پرۆسەی خوێندن و هەلو مەرجی خوێندنگاکانەوە هەیە:

1 ) قەدەغە کردنی جیاوازی کردن لەنێوان خوێندکاراندا لە ژێر هەر ناونیشانێکدا بێت وەکو پلەوپایەی کۆمەلأیەتی خوێند کارا ن یان جیاوازی ئاین ومەزهەب و قەومی.

2 ) دانانی سەر پەرشتیاری پەر وە ردە یی لێهاتو وشارەزا بۆ بەدواداچون و لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو ئەو کێشەو گرفتانە کە توشی خوێندکاران دەبن .

3 ) هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو بڕیارو یاسایانەی کە لە بڕیارو یاسای ناوەندە سەربازی و هێزە نیزامیەکان دەچێت , قەدە غە کردنی دیاردەی چەکداری لەناوەندەکانی خوێندندا بەهەموو شێوازەکانی , لە حاڵەتی پێویستدا دەبێت پۆلیس بێ چەك بێت.

4 ) قەدەغە کردنی هەموو ئەو سیمبوڵ و ڕەمزو وێنە و تابلۆیانەی کە دەسەلأت لە هەیمەنەی دەسەلأتی سیاسی و حیزبی سیاسی دەکەن لەناوەندەکانی خوێندن .

5 ) ڕێگە نەدان و قەدە غە کردنی هەموو ئەو جموجۆڵ و چالاکیانەی کە بەهۆیەوە خوێندکاران بۆ مەرامی سیاسی پێ ئاراستە دەکرێت .

6 ) قەدە غە کردنی هەر جۆرە گەندەڵیەکی وەکو بەرتیل وەرگرتن و واستەو جیاوازی نەکردنی نێوان خوێندکاران لەسەر نمرەی وانەی خوێندن , دەبێت سزای مامۆستایی سەرپێچی کەر بدرێت.

7 ) ڕێگە نەدرێت بەهیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی حەرەمی نێو خوێندنگاکان و خوێندکاران بۆ بەرژەوەندی مەرامی حیزبی بەکار بهێنن

8 ) قەدەغە کردنی پێکهێنانی تۆڕو گروپی سیخوڕی و جاسوسی لە خودی خوێندکاران لەناوەندەکانی خوێندن جا بۆ هەر مەبەست و مەرامێك بێت.

9 ) هەوڵ بدرێ بۆ بنبڕ کردنی گەندەڵی ئیداری و ماڵی لەهەموو بەرێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە سزای توندی یاسایی بدرێ بەسەر هەموو ئەو کەوسانەی دەستیان هەیە لە گەندەڵی .

10 ) لێپرسینەوەی توندی یاسایی لەگەڵ هەموو ئەو مامۆستایانەدا بکرێت کە ئیستیغلالی خوێندکاران دەکەن بۆ مەرامی سیکسی

11 ) قەدەغە کردن و ڕێگە گرتن لەهەموو ئەو مامۆستایانەی کە لەکاتی وانە وتنەوەدا , کاتی وانەوتنەوە بۆ هەنێك مەرامی سیاسی و ئایدۆلۆژی و حیزبی بەکار دەهێنن .

12 ) گەڕانەوەی ئەو مامۆستایانەی کە لە قۆناغێکی باڵا تر لە قۆناغی وانە وتنەوەی خۆیان وانە دەڵێنەوە

بە پێی بڕوا نامەکەی وانە بڵێتەوە .

13 ) خانە نشین کردنی هەموو ئەو مامۆستایانەی کە تەمەنێکیان لە خزمەت کردندا بەسەر بردووە وتوانای خزمەت کردنیان لاواز بوە.

14 ) مامۆ ستایی بواری تایبەت , وانەی تایبەتی خۆ ی بڵێتەوە.

15 ) دەبێت هەلو مەرجی نێو خوێندنگاکان و پەیوەندی نێوان خوێندکاران و مامۆستایان لەسەر بنەمایەکی مرۆڤایەتی و هاوڕێیەتی دا بمەزرێت , وەهەوڵ بدرێت بەسونەتێکی مەدەنیانە ئەم پەیوەندیانە بەهێز بکرێت.

16 ) دانانی وانەی تایبەت بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری گشتی لای خوێند کاران بۆ ئەم مەبەستە پێویستە فرسەتی گێرانی کۆڕو سیمینارو دایەلۆگی ئازاد فەراهەم بکرێت .

17 ) ئەر کی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە خۆجێیەکانە کە «خولی» بەهێز کردن لە پشوی هاویناندا بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن بکەنەوە وە هەموو خەرجیەکانی ئەم خولانە لەئەستۆ بگرن و سەرپەرشتی بکەن.

18 ) دانانی کتێبێکی تایبەت بەمافەکانی خوێندکارو یاساکانی پەروەردە وە دابەش کردنی بەسەر خوێندکاراندا.

19 ) لەقۆناغی ئامادەیەکاندا بەڕەسمی داوا لە خوێند کاران بکرێت لێکۆلینەوە « را پۆرت » لەسەر یەکێك لە مادەکان بەویستی خۆی بکات لەکۆتایی هەر ساڵێکدا .

20 ) پێدانی خەلآت بەو خوێندکارانەی کە بە پلە یەکی بەرز دەرچون مسۆ گەر دەکەن .

21 ) دەبێ هەوڵ بدرێ سود لە سیستمی پەروەردەوخوێندنی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان وەر بگیرێت و بەئاراستەی ئوان سیستمی پەروەردە بەڕێوە بچێت .

22 ) پێویستە لە هەموو خوێندنگا کاندا کتێبخانەی تێدابێت وە هەموو پێداویستیەکانی بۆ دابین بکرێت.

23 ) لەحاڵەتی نا ئاسایدا دە بێ وەزعی تایبەتی ئەو خوێندکارانە لەبەر چاو بگیرێت و بەهەموو شێوازێك یارمەتی بدرێن,بەتایبەتی ئەو خوێند کارانەی کەتوشی کێشەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و دەرونی دەبن.

24 ) «25 ـــــ 30» لە سەدی نمرەی خوێند کاران بۆ ڕۆژانەکانیان دابنرێت .

25 ) کەم کردنەوەی ڕۆژەکانی پشو تەنها پشووی ڕەسمی نەبێت کەدەبێت پێش وەخت دیاری بکرێت .

26 ) دابین کردنی خانوو یان شوقەی گونجاو بۆ هەموو ئەو خوێندکارە کوڕ و کچانەی دەچنە پرۆسەی هاوسەرگیریەوە

27 ) دەبێت هەموو پاەو داهاتی بەکرێ دانی کافتریا بۆ پرۆژەخزمەت گوزاریەکانی خودی هەمان ناوەندی خوێندن خەرج بکرێت